کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-6-2007 19:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# "ملی عەلی حەسەن مەجید بەشی هەڵەبجەیە" بۆچی دەبێت تاوانکاران لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکانیان توندترین سزا بدرێن ؟؟! ... عەلی مەحموود محەمەد

ئەم گروپەش لە تاوانکاران لە پای ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال هەڵبواسرێن، کێ دەمێنێتەوە بۆ دادگاییەکانی دی؟، با بە پرسیارێك بابەتەکەمان دەست پێبکەین، باشە ئەگەر کورد داوای ڕاگرتنی ئەنجامدانی سزاکانیان بکات، تاکو سەریان بپارێزێت بۆ دادگاییەکانی دی، ئایا لە دادگای سەرکووتکردنی ڕاپەڕین لە تۆڵەی کۆمەڵکوژی شیعەکان ملیان لە پەتەکە ڕزگاری دەبێت؟؟، لەوەدا گومانمان نییە شیعەکان تەیریش ڕزگار ناکەن؟. هەڵەکە بۆخۆی لە دەستپێکەوە دەستی پێکردووە، چاککردنەوەی لە ئێستادا سانا نییە، تاکو ئێستا کورد چەندین هەڵەی گەورەی لەو دادگاییە



بەسەردا تێپەڕیووە، ئەوانەش بەشێکیان بریتین لە:

- ڕازی بوون بە دادگاییەکی عەرەبی، عێراقی.
- ڕازی بوون بەوەی کەسەکان وەك تاك دادگایی بکرێن نەك وەك دەوڵەت و سستەم.
- ڕازی بوون بەوەی پرۆسەی دادگاییەکە بە تاوانی بچووك دەست پێ بکات.
- ڕازی بوو بەوەی دوای ئەنجامی دادگاییەکە یەك لە دوای یەك تاوانکاران لەماوەی دووری یەك مانگدا سزاکانیان بەسەردا جێبەجێبکرێت، لە کاتێکدا دەبینین لە عێراقدا ئەم دەستەیە لە دەسەڵاتداران لە هەموو تاوانەکان هاوبەشە کارن، بە ڕۆیشتنی هەریەکێکیان کۆمەڵێك دۆسیەو فایل بچووك دەبنەوە.

ئێستا ئێمە لەبەردەم دوڕیانێکداین، ناتوانین تاوانکاران بۆ دادگاییەکانی دی هەڵبگرین، چونکە ڕاوچی زرینگتری دی لەسەر ڕێمانە، هیچ ڕزگار ناکات، سەریان لە ئێستاشدا بۆ دادگاییەکانی بپارێزین لە تۆڵەی ڕاپەڕین بەرەو قەنارەکە دەکرێتەوە، لە کاتی کار لە کار ترازان، ئەگەر قسە و هاوارەکانمان بۆ هەڵەکان ڕابردوو هیچی لێ شین نەبێت، دەبێت بە دوای چارەسەری گونجاوەوە بین بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان و سەرکەوتن لە دەروازەی دیبەوە، بەڵکە کەمێك قەرەبووی شکستەکان و پڕکردنەوەی زیانەکان و ساڕێژکردنەوەی برینەکان بکەین.

سزای لە سێدارەدان قێزەونترین سزایە بۆ مرۆڤ، وەلێ توندترین سزاشە، ئەگەر بۆ کەسی بەسەردا داسەپاو توندو ترسناك بێت، ئەوا لە بەرامبەردا گەورەترین تۆڵەشە بۆ قوربانیان.

گرانە تۆ لە سەدەی 21 بانگەشەی سزای لە سێدارەدان بکەیت، وەلێ ئەو سزایە بۆ کورد تۆڵەیەکی سیاسی گەورەیە، یەکەم جارە لەدیرۆکدا فەرماندەی تاوانکاری وڵاتێکی داگیرکەری کوردستان سزا بدرێن لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی دژ بە کورد ئەنجامیان داوە، بۆیە ئەو سزایە تۆڵەیەکی مێژوییشە لە هەمبەر ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە، بەمەش دەبێتە تۆڵەیەکی سیاسی گەورە، بەم هۆیەوە دەبێت دژی نەبین.

هاوکات لە سێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید لە شاری هەڵەبجە قەرەبویەکی کەمی ئەو پشتگوێ خستنەی کەیسی هەڵەبجەیە لە دادگا، کە دەبوایا دادگاکە بە تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال وەك یەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تاوان دەستی پێبکردبایا، بۆیە بۆ قەرەبو کردنەوەی شکستەکان پێویستە ئەو 5 تاوانکارە بەسەر جوگرافیا جیاجیاکانی ئەنجامدانی تاوەنەکان دابەش بکەین لە هەڵەبجە و دوبز و قۆڕەتوو قوشتەپە و بادینان، سزاکانیان بەسەردا بسەپێنین، کەواتە لە ئێستاوە هەموو پێکەوە داوا بکەین، سزای تاوانکاران دەبێت لە کوردستان بێت، ئەوانەشی بە بەهانەی دژایەتی لە سێدارەدانەوە ڕەخنە لەم بۆچونەمان دەگرن، با ویژدانی زیندوویان چاوێك بە وێنەبی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بخشێنێت و هەستێك لە چیرۆکە تراژیدیاکانی ڕزگاربووەکان بگرێت، نیگایەك لە وێنەی عومەر خاوەر بدات، ئەوجا قسەی خۆیان بکەن، ئێمە داوا دەکەین لە ماڵەکەی عومەر خاوەر عەلی حەسەن مەجید لە قەنارە بدرێت.... .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.